# هەواڵێک سەبارەت بە داخستنی کەناڵی ئاسمانی کوردستان تی ڤی

گۆران هەڵەبجەیی

لەسەرچاوەیەکی متمانەپێکراوەوە هەواڵم پێگەیشت کە هۆکاری داخستنی کەناڵی ئاسمانی کوردستان تی ڤی بۆ ماوەی 24 کاتژمێر،دەگەڕیتەوە بۆ پەخشکردنی ڕاپۆرتە هەواڵێکی ئەدەبی کە سەبارەت بە کۆڕێکی شاعیرو نووسەر مامۆستا حەمەسەعید حەسەن بوو.

شایانی ئاماژەیە مامۆستا حەمە سەعید لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ کوردستان چەند کۆڕیکی سازدابوو. لەوانە کۆڕێک لە ڕێکەوتی2005/7/25 لە شاری هەولێر بەناونیشانی {ژن لە ئیسلامدا} کەسەنتەری ڕووناکبیری پارێزەران بۆیان ڕێکخستبوو.

کورتەیەکی ئەو کۆڕە لە کەناڵی ناوبراوەوە لە شەوی 3/2 پەخشکرا، وە بۆ ڕۆژی دوایش کەناڵەکە داخرا.

دەنگۆی ئەوەش هەیە کە گوایە جەمال حوسێن و هەوار عەبدوڵاش کە دووکارمەندی کەناڵەکەن و ئەرکی ئامادەکرد ن و ڕیپۆرتاج کردندنی ئەو کۆڕەیان لە ئەستۆ گرتبوو ، بە لەسەرکار لادان سزادران.